كوردستان نێت KURDISTAN NET

## جاسوس

# ئەی ناشرین ترین مرۆڤ

عومەرمحەمەد

تۆی داماوکاسەی سەرت جگەلە کردەوەی ناپەسەند چی تێدایە؟..تۆ هیشتا منداڵێکی ناسك بووی ،کەباوکت بەنیازی پیس ودڵی پیسەوە عانەیەکی لە دەست نای بۆئەوەی جاسوسی بەسەر جموجۆڵی دایکی میهرەبانتەوە بکەی،تۆئەوساتە دۆرایت کە گوێت بەمیهرەبانی دایکت نەداودڵپیسی باوکت پەسەند کرد،ئەم ئەتوارەت بەمیرات بۆمایەوە ،هەتا ئێستاش نەبیری لێدەکەیتەوەو نەخەمێك لەڕابووردوت دەخۆیت،تۆ ئەمرۆ جاسوسێکی لەنێو زەلکاوی ژیاندا چەقیوی، هەروا بستێك لەملای مەرگەوە دەژیت،کەچی چاڵ بۆئەومرۆڤانە هەڵدەکەنی کە دەخوازن لەوژیانە رزگارت بێت،!!هەندێك جار بۆ ئەوەی کەس ڕایسپاردبیت،هەڵسوکەوتی دەرودراوسێ وهاوکارانی ناوفەرمانگە کەت دەخەیتە ژێر چاودێریەوە،تۆ تازەواڕاهاتووی ئارامی وئاسودەیی خەڵکی بشێوێنی، بەئاسوودەیی خەڵکی قەڵس وبێزاردەبی ئارەزووتە خەڵکانی تریش خۆت ئاساچەپەڵ وبەدخووبژین، خەمێکت بۆژیان لەبەرنیە،ئەمە خەمی منە دەبێت خەمی تۆش لەکۆڵ بگرم وهیچ نەبێ نەهێڵم نمونەت زۆربن،چونکە ڕەوشتە دزێوەکانت دەبنە نەگبەتی کۆمەلایەتی وترس وگومان ودڵە ڕاوکێ بڵاودەکەنەوە،بڕوا وخۆشەویستی چاوترسێن دەکەن

تۆ ئەی جاسوس لەبەرگی جۆراوجۆردا خۆت مەشارەوە ئاشکرایت،هەی بەدفەساڵترین جۆری بەشەر!دەزانم هەمیشە بەچاوچنۆکی ودڵپیسیەوە دەڕوانیتە پەیوەندی نێوان دوومرۆڤ،جا نێربن یان مێ،ئێرەیی بەوپەیوەندیانە دەبەیت ودەخوازیت لەژێر زەردەخەنەیەکی درۆزنانەدا زەفەریان پێبەری وتەڵەی کەتن وبوختان دەنێیتەوە،هەرئەوەندەی سەرە داوێکت چنگ کەوت لەچاوتروکانێکدا خۆت دەگەیەنیتە بەرپرسەکەت،درۆیەك هەڵدەبەستی هاوشێوەی گەورەکانت ئەوانەی بەپێش چاوی تۆوەیان یان بەچاوساغی خۆت لەدەست درێژی کردنە سەرکەرامەتی هاولاتیانی نیشتمانەکەی خۆت،تۆئەو توخمەی هەی داماو،خۆت بەچیەوە هەڵدەکێشی؟!هەرچیك بیت هەرجاسووسی ،جاهونەرمەندێکی پاشکۆبیت یان نوسەرێك،کارگێرێکی دەوڵەتبیت یان هی حزب،بازرگانێك بیت یان پینەچی،کاسبکاربیت یان موچە خۆریکی دەوڵەت،خانمێك بیت یان پیاوماقولێکی دیوەخان،هەرچیەك بیت لێوان لێویت لەنیازپیسی وخەڵکی خۆیانت لێلادەدەن،چونکە هەرخەریکی راپۆرت نوسین وقسەهێنان وبردنی،بەلام چۆن چۆنی؟ هەرچی راست وحەقیقەتە تۆ خۆتی لێ لادەدەیت وژێر پێی دەنێی،سیناریو راپۆرتەکانت تەنها بەو ووشانە دروست دەکەیت کەبوختان ودرۆن،هەرگیز توخنی راستگۆیی وخۆشەویستی ناکەویت،چونکە ئەوانە هیچ ئافەرینێکی پیاوە خراپەکارەکانت بۆمسۆگەرناکەن، تۆمردنت زۆرباشترە لەوژیانەت چونکە ژیان بەئازادیەوە یان بەتیکۆشانەوە بۆئازادی جوانە،بەلام تۆژیان بەناشرینی دەبینی لە کەلاوەیەکی پەرپووتی کرێدادەژی وخەون بەخانوی خۆتەوە دەبینی بەلام دەستت لێشۆردووە وبەڤیەللای بەرپرسەدزەکانتەوە خۆت هەڵدەکێشی!وەك دەلاڵی پێشانگاکان پروپاگەندە بۆجوانی وگرانبەهایی ئۆتۆمبیلەکانیان دەکەی یانخۆت بەوەوەندەوەهەلدەکێشی،کە جاربە جارێك لەگەل خۆیان یان بۆکارێکی خۆیان ئەویش لەپاشەوە سوارت دەکەن،کەچی ئێواران بە شەکەتی وشڕوشۆڕییەکەوە وهەر بەسەرجووتەپێیەکانی خۆتەوە بەرەومال شۆردەبیتەوە ، بە هۆی کارەبەدەکانتەوە رۆژی دەیان جار

www.kurdistannet.org

دەمریت‌وزیندودەبیتـەوە،دەترسـی‌وبەدزیەوە تـەریق دەبیتـەوە،خـۆت دەزانیـت چـەندین کـاری دزێـوو ئابرووبەرانـه ئەنجام دەدەیت،کەچی بە موچەیەکی‌نیوەناچل‌وخەلاتێکی ئابرووبەرانە خـەنی دەبیت،خـەوی نـاخۆش دەبینیـت ، خـەو بـه مـەرگ ومالۆێرانیـەوە دەبینـی،هەرگیزبـە سـەربلّندی‌وبێمنەت سـەرناخەیتە سـەر سـەرین ،کـاتێکیش خەودەبینی خەوبە جاسوسی ڕوسوروبەرپرسی راستگۆو ماستاوی ڕەشەوە دەبینـی تۆئەوکەسـەی هـەی ناشـرین ترین مرۆڤ.